# ئەم شیعرەیش تەواو ناکەم



عومەر سەیدە ـ کەرکوك
omerseyda@yahoo.com

وەکو گوڵێك بۆ یەخەیەك بگەڕێ ..

وەکو ماندوویەك بۆ سێبەری دارێك ..

وەکو بۆنێك بۆ لاگەردنێك ..

بۆت دەگەڕێم ..

وەکو لێوێك بۆ ماچ بگەڕێ ..

وەکو دەستێك بۆ دەستێك

وەکو چاوێك بۆ سیمایەك

بۆت دەگەڕێم ..

من لەگەڵ خۆمدا تەنیابووم

لەگەڵ تۆدا هەر تەنیا ..

بەبێ تۆ تەنیاتر ..

لەگەڵ خۆمدا پڕ بووم لە خەمو بێزاری ..

لەگەڵ تۆا هەر خەمو بێزاری میوانمە ..

بەبێ تۆ خەمبارترو بێزارترم ..

وەکو ژوورێکی چۆڵو تاریك پێویستی بە ئێمە بێت ..

چاوەکانم پێویستیان بە بینینی تۆیە ..

وەکو من کە چاوەڕوانی تۆ دەکەم

دڵم چاوەڕوانی تۆیە ..

هەناسەیەك نادەم بێ یادی تۆ

چاك دەزانم غوربەت لەت .. لەتم دەكات ..

لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەكەم دەمكوژێ ..

لێرەوە دەتبینم

ئاگام لێتە ..

هەرچی دەكەیت بەبێ من چركەیەك هەڵناكەیت

بێ یادی من چاو لێك نانێی ..

ئەمەیە تاعونی عیشقە

كە دەمانبات بۆ نزیكی باخچەكانی گەمژەیی

لای شەقامەكانی گریان فرێمان دەدات

نزیك ئاسمانەكانی منداڵی فەرشی بێتاقەتیمان بۆ رادەخات ..

من ئیدی حەرفەكانم هەموو دەپێچمەوە

سەفەر دەستی چەپی گرتوومو

رێم نادات ئەم شیعرەیش تەواو بكەم ..

چونكە دەستی راستم بە تەنیا تەوقە دەزانێ ..

بەتەنیا سەلاو دەزانێ ..

بە تەنیا لابردنی پەرچەمت دەزانێ

بە تەنیا یاری بە گۆنات دەزانێ ..

نازانێ بە تەنیا شیعر بنووسێتەوە بەدەم رێوە ..

نازانێ بێ ماڵئاوایی سەفەر بكات ..

نازانێ پێت نەڵێ : ماڵئاوا ..

ماڵئاوا